# بەرپەرچ دانەوەی هەڕەشەکانی ڕژێمی تورکیا ولەشکرکێشی بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی هەنووکەییمانە.

بەدرێژایی مێژووی پڕ لە ڕووداو و کارەساتی وولاّتەکەمان ، گەلی ئێمە گەلێکی ستەمدیدە و تینووی سادە ترین مافی ئازادی بووەو لەژێر زولم و زۆرداری داگیرکەرانی خاکەکەیدا هەمووکات دووچاری مەینەت وکارەساتە نامرۆڤایەتیەکان بۆتەوە و بەدەست ڕژێمە دیکتاتۆریەتەکانی ئەو وولاّتانەی کەبرابەشەی خاکەکەین نالاّندوویەتی ، ئەگەر دەبینین لەهەموو شتێك ناتەبابن تەنها لەدژایەتی کردنی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی مووبان بەبەیندا ناچیّ و کۆبوونەوەی سیّ قۆلّی و چوار قۆلّی ئەنجام دەدەن و پیلان دەگێڕن بۆ لەبەین بردنی هەرجۆرە پەیمان وهەولێکی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان بۆدەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی .

لای هەموو جیهان ئاشکرایە کەڕژێمی تورکیا یەکێکە لەسەر سەخت ترین دوژمن وداگیرکەری کوردستان ، هەمووکات بە مەرامە گلاّوەکانیەوە سێرەی نیشانەی هەرجۆرە هەولێکی ئازادیخوازی وسەربەخۆیی کوردستانی گرتووە بۆپێکان وسەرنەگرتنی، مێژوو گەواهی ئەوە دەسەلمێنن ولەخوێندنەوەی هەر دەقێکدا راستیەکان بۆخوێنەر دەردەکەویّ کەڕژێمی تورکیا هەمووکات لەسەنگەر بووە دژی داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان ، بۆ هەلّوەشانەوەی هەر پەیمانێك کەلەبەرژەوەندی ئازادی و رزگاری کورد بووبیّ پیلانەکانی سەرخستووە ، بەلاّم ئەمرۆکە ئەگەر بۆ لەباربردنی ئەزموونی دیموکراتی 16 سالّەی حکومەتی هەرێم لەباشووری کوردستاندا بەبیانۆی جۆراو جۆرو بەپێی خواستەکانیان لەڕێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و لەشکرکێشی بۆناو خاکی هەرێمی کوردستان لەهەولّی جیّ بەجیّ کردنی نیازە گلاّوەکانیاندا بن ئەو کات ئەرکی کۆمەلّگای نێودەولّەتی و هەموو ئازادیخوازانی جیهان زیاتر دەکا لە ڕیّ گرتنی دڕندەیی ئەوان لە ئەنجامدانی تاوانەکانیان و دووبارە بوونەوەی هۆلوکۆستێکی چەشنی قڕ کردنی ئەرمەنیەکان کە هەتاکو ئێستا کۆمەلّگایی نێودەولّەتی بەشەرمەوە خۆیان لەقەرەی باس کردنی دەپارێزن ، لێرەدا بانگەواز بۆ هەموو هێزو خێرخوازانی ناو کۆمەلّگای نێودەولّەتی دەکەین کەڕێگە نەدەن داگیرکەرانی کوردستان بەمەرامەکانیان کارەسات بۆ گەلەکەمان دروست بکەن و هەولّی تێکدانی ئەو سەقامگیریە بدەن کە هەرێمی کوردستان بەخۆییەوە دەیبینیّ ، چونکە هەر ئەوەیە تەنگە تاوی کردوون و هەولّی لەبەین بردنی دەدەن .

**کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوستراليا**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**حزبی شیوعی کوردستان – عێراق**

**حزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمەلّەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان - ئێران**